چیرۆکی وەرگێڕدراو

مۆریلیۆ ئۆربای

# ئەفسوونباز

مۆریلیۆ ئۆربای نووسەرێکی بەڕازیلییە ساڵی ١٩١٦ لە دایک بووە، دەرچووی کۆلێژی یاسایە و بایەخی بەکۆکردنەوەی چیرۆکە میللییەکان داوە. لە ساڵی ١٩٤٥ دا بووەتە ئەندامی یەکێتیی نووسەرانی بەڕازیل ئۆربای بە پێشەنگی چیرۆکی سەرسوڕهێنەر دادەنرێت لە ئەدەبی هاوچەرخی بەڕازیلدا



و: عەبدوڵڵا مەحموود زەنگنە

من ئێستا فەرمانبەرێکی میریم،ئەمەش قەباعەتترین شت نییە کە بەختی ڕەشم پێی دابێتم. بۆ ئەوەی لەگەڵتاندا ڕاستگۆبم دەڵێم:«من لەم دنیایەدا بۆ ئەوە نەکراوم خۆم لەبەر هەموو ئەم دەردەسەرییەدا ڕابگرم. هەموو مرۆڤێک کاتێک دەگاتە تەمەنێکی دیاریکراو، لە ئامادەباشیدا دەبێت بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی کێوێک لەمەینەتی و تاڵی و سوێری، چونکە هەر لە سەرەتای منداڵییەوە ڕاهاتووە لەسەر دەورانی ژیان و دەزانێت چۆن ڕۆژ لە دوای ڕۆژ خۆی لە دژی قایم بکات. بەڵام من ئەم حاڵەتەم بەسەردا نەهاتووە.

من بەبێ دایک و باوک و بەبێ منداڵی و بەبێ هەرزەکاری هاتوومەتە ئەم ژیانەوە.

ڕۆژێکیان، کاتێک لە ئاوێنەی چێشتخانەی مینهۆتادا سەیری خۆمم دەکرد، بینیم قژم ئەو چڕ و پڕییەی نەماوە و سپیی تێ کەوتووە. ئەم دەرکەوتەیە ترسی نەخستە بەرم بە قەدەر ئەوەی سەرسامی کردم، بەجۆرێک کاتێک دەستم نایە گیرفانم، خاوەنی چێشتخانەکەم لێ دەرهێنا. ئەویش بەشڵەژانەوە پرسیاری لێ کردم کە چۆن توانیم ئەم کارە بکەم. من لە حاڵەتێکی لەم جۆرەدا وەڵامی چی بدەمەوە، منێک کە تەنانەت مانای بوونی خۆم نازانم لەم ژیانەدا. پێم وت کە بێزار و ماندووم، بەڵکو هەر بەبێزاری و شەکەتی لە دایک بووم.

بەبێ ئەوەی گوێ بە وەڵامەکەم بدات یان پرسیاری ترم لێ بکات، داوای لێ کردم لە لای ئیش بکەم. هەمان ڕۆژ دەستبەکار بووم و بە سیحرەکانم خەڵکیم دڵخۆش دەکرد. خاوەنی چێشتخانەکە یەکێک لە گەمە سیحرییەکانمی بە دڵ نەبوو، چونکە لە کاتی ئەو گەمەیەدا خواردنی جۆراوجۆرم لە گیرفانی چاکەتەکەم دەردەهێنا و بەخۆڕایی دەمدانێ گەرچی بەم شێوەیە خەڵکێکی زۆر دەهاتنە چێشتخانەکە بەڵام خاوەنی چێشتخانەکە پارەی دەست نەدەکەوت. بۆیە بردمی بۆلای بەڕێوەبەری سێرکی ئەندەلوسی، ئەویش کە بە تواناکانمی زانی لای خۆی دایمەزراندم بەڵام بەو مەرجەی ئاگاداری هەموو جووڵە و یارییە ئەفسوونبازییەکانم بێت، چونکە دوور نییە بکەومە دابەشکردنی بلیتی چوونە ژوورەوە بەخۆڕایی. بەڵام پێچەوانەی هەموو پێشبینیکردنە ڕەشبینییەکان، هەڵسوکەوتم زۆر ڕێک بوو گەمەکانم خەڵکی سەرسام دەکرد و خاوەن سێرکەکە پارەی زۆری دەست دەکەوت.

سەرەتا بینەران بەسووکی و دوور لە پەرۆشی تەماشایان دەکردم، رەنگە هۆکەی ئەوە بووبێ نەمتوانی جل بەرگ و کڵاوێکی گونجاو هەڵبژێرم کە بە دڵی ئەوان بێت. بەڵام هەر هێندە لە کڵاوی یەکێک لە تەماشاکەران کەوتمە دەرهێنانی کەروێشک و مار و مارمێلکە، ئیتر خەڵکەکە ئەبڵەق دەبوون. لە دوا نمایشدا لە بەینی پەنجەکانی دەستمەوە تیمساحێکم دەرهێنا، دواتر لە هەردوو لایەوە گوشیم و کردم بە ئامێری ئۆکۆردیۆن و کەوتمە ژەنینی سلاوی کۆماریی وڵاتی چین، بەو جۆرەش بینەران دایانە قاقای پێکەنین و منیش بەبێ دەربەست هاتن تەماشام دەکردن ئەم دەربەست نەهاتنەم بە چەپڵەلێدانەکەی جەماوەر و بەڕێوەبەری سێرک تووڕە و نیگەران کرد، چونکە ئەو لە دوورەوە چاودێری دەکردم، بەتایبەتی گوێنەدانم بەچەپڵەی منداڵان لە رۆژی یەکشەممماندا. من چەپڵەی ئەوانم بەپێویست نەدەزانی ، بەتایبەتی لەو منداڵە پاک و بێگەردانەی کە بەناچاری دەبێ وەک هەر مرۆڤێک دەرد و مەینەتییەکانی ئەم ژیانە بچێژن. بۆچی کارم تێ بکات لە کاتێکدا ئەو رووخسارە گچکانە نە هەستی بەزەییم دەبزوێن و نە تووڕەشم دەکەن، گەرچی ئێستا ئەوان هەموو ئەو شتانەیان هەیە کە من لە تەمەنی منالیمدا هیوام بۆ دەخواستن و بۆم نەلوا وەک لەدایکبوون و یادەوەرییەکانی رابردوو.

لەگەڵ ناوبانگ دەرکردندا ژیانم تەواو تاڵتر دەبوو. هەندێ جار لە گازینۆکەیا دادەنیشتم و بەرژدی دەمڕوانییە ئەو خەڵکەی سەر شۆستەکانیان پڕ کردبوو، ئیتر وا دەبوو دەستم دەکرد بە گیرفانما و کۆتر و کۆترەباریکە و باڵندەی دەریاییم دەردەهێنا و خەڵکی دەیاندایە قاقای پێکەنین و پێیان وابوو خۆم دروستیان دەکەم. منیش چاوم دەبڕییە زەوی و بەدەم خەم و ناسۆرەوە لەبەر خۆمەوە نەفرەتم لە دنیا و دەریاش دەکرد، هەر کاتێک بەدەم داڵغە لێدانەوە دەستم دەکردەوە شتی زۆر سەیری لێ دەردەپەڕی. زۆر جاریش وەک کتوپڕیەک بۆ خۆم لە قوڵی قاپووتەکەم شتی جۆراوجۆر و رەنگاورەنگم دەردەهێنا. دوا جاریش چەندەها شتی سەیر سەیرم لە دەوروبەردا کەڵەکە دەبوو کە نەمدەزانی چییان لێ بکەم، ئاخر دەبوو چی بکەم؟ وەک کەسێک داوای یارمەتی بکات دەمڕوانییە دەوروبەری خۆم، بەڵام بێهوودە. زۆر جار دەمویست دەستەسڕەکەم دەربهێنم و لوتم بسڕم، بەڵام لە جیاتی

دەستەسرێ چەرچەفێکی گەورەم دەهێنایە دەر و بەو هۆیەشەوە ئەوانەی دەوروبەرم دەیاندایە قاقای پێکەنین و سەرسام دەبوون. جار نا جاریش کە بەبێ مەبەست دەستم دەبرد بۆ ملیوانی قاپووتەکەم، یەکڕاست هەڵۆیەکی گەورە دەردەپەڕی.

لە هەندێ حاڵەتی تردا ،کە دەمویست قەیتانی پیڵاوەکەم گرێ بدەم، کۆمەڵێک مار لە دەلینگی پانتۆڵەکەمەوە دەهاتنە دەر و منداڵ و ژنەکان دەکەوتنە قیژە و هاوار و پۆلیس و خەڵکم لێ کۆدەبوونەوە و بەزمێک دروست دەبوو لەو حاڵەتەشدا دەبوو وەڵامی پۆلیس بدەمەوە و زۆر بەئارامی گوێی لێ بگرم کە ئیتر لە شوێنە گشتییەکاندا مار و مێروو نەهێنمە دەر. من ناڕەزاییم دەرنەبڕی لەو قەدەغەکردنە، بەڵام بەهۆڵ لێهاتنەوە ئەوەم بۆ روون دەکردنەوە کە چۆن ئەفسوون باڵی بەسەردا کێشاوم و پەیمانم دەدا کە ئیدی کەس سەغڵەت نەکەم.

شەوان لەسەر ئەوە راهاتبووم بەهۆی زیقەی باڵندەیەکی گەورەوە بەئاگا بێم کە لە گوێچکەمەوە دەردەچوو. جارێکیان کە لەوپەڕی تووڕەییدا بووم، دەستی خۆمم بڕی بۆ ئەوەی جارێکی تر سیحر نەکەمەوە، بەڵام هەر ئەوەندە جووڵام دەستەکانم هاتنەوە شوێنی خۆیان ، بەخۆمم وت دەبێ هەر چۆنێک بێ رووبەڕووی ئەو نەهامەتییە ببمەوە. دوای بیرکردنەوەیەکی قووڵ لە مەسەلەکە، گەیشتمە ئەو دەرئەنجامەی کە تەنیا مردن کۆتاییەک بۆ ئەم بەختە رەشەم دادەنێت. بۆ جێبەجێکردنی ئەو بڕیارە یەکلاکەرەوەیەشم لە گیرفانی خۆم دوانزە نەرە شێرم دەرهێنا، دەستەکانم لەسەر سینگم بەیەکدا ئاڵان و لە چاوەڕوانیی ئەو ساتەدا بووم کە پەلامارم دەدەن و هەلا هەلام دەکەن. بەڵام هیچ شتێک رووی نەدا. لە دەورم خولیان دەخوارد و بۆنی جل و بەرگەکەیان دەکردم، دواجار رۆیشتن و بۆ ماتی و مەلوولیم جێیان هێشتم.

بەیانی رۆژی دواتر دەورەیان لێ دامەوە، چیتان لێم دەوێت ئاژەڵینە؟ بەم جۆرە بەڕوویاندا هاوارم کرد.

ئەوانیش بەخەمبارییەوە کلکیان دەلەقاند و دەپاڕانەوە و داوایان لێ کردم هەرچی زووترە بیانخەمەوە شوێنی خۆیان، ئەوان دەیانوت ئەم دنیایە تا ئەوپەڕی بێزاری و وەڕسی مایەی جاڕسییە. لەبەر تووڕەیی خۆم پێ نەگیرا و هەموویانم

کوشت و یەک لە دوای یەک خواردنم بەو ئومیدەی بەهۆی هەزم نەکردنەوە بمرم، بەڵام بەختی رەشم لە پارێزدا بوو بۆم. گەدەم تووشی ئازارێکی زۆر هات، بەڵام نەمردم و مامەوە بۆ ژیان. ئەم دوایین شکستەم هەستی نائومێدبوونمی زیاتر کرد، بۆیە بەرەو ناوچەیەکی شاخاوی شارەکەم جێ هێشت. کاتێک گەیشتمە سەر لوتکەی چیایەک کە دەیڕوانی بەسەر دۆڵێکی قووڵدا، خۆم هەڵدایە خوارێ هەموو ئەوەی هەستم پێ کرد نزیکبوونەوەیەک بوو لەمردن، کەچی هەر زوو لەوە بەئاگا هاتم کە بەپەتی پەڕەشووتێکەوە هەڵواسراوم و زۆر بەزەحمەت و بەدەم خۆکێشان بەتاوێرەکاندا رێگەی شارم گرتەوە بەر، تا بەشەکەتی و خەمباری و برینێکی زۆری جەستەمەوە گەڕامەوە و هەنگاوی دواترم پەیداکردنی دەمانچەیەک بوو.

لە ماڵەوە لەسەر نوێنەکە راکشام، لوولەی دەمانچەکەم نایە گوێمەوە. پەنجەم نا بە بەلەپیتکەکەی بەو باوەڕەی گوێم لە زرمەیەکی گەورە بێت و ئازارێکی کوشندەشم پێ بگات کاتێک گوللەکە کەللەم دەتەقێنێت.

گوللەکە دەرنەچوو و مردنیش نەهات. چونکە کاتی تەقاندنەکە دەمانچەکە بوو بەقەڵەم. خۆم دا بەزەویدا و دامە پڕمەی گریان. منێک کە لە نەبوونەوە زیندەوەر دێنمە مەیدان، ئێستا رێگەیەک پەی پێ نابەم خۆمی پێ لەم ژیانە رزگار بکەم.

رۆژێکیان بەرێکەوت گوێم لێ بوو پیاوێکی خەمبار دەیوت: «فەرمانبەریی حکومەت واتە مردنێکی لەسەرخۆ».

ئەم قسەیە هیوای بوژاندمەوە لە خۆرزگارکردن لە بوون. بارودۆخەکەم رێگەی پێ نەدەدام خۆم ئەو شێوە خۆکوشتنە هەڵبژێرم کە گونجاوە بۆم، جا مردنێکی بەپەلە بێت یا لەسەرخۆ.

لە فەرمانگەیەکی حکومەتدا بووم بە فەرمانبەر. ساڵی ١٩٣٠ ساڵێکی تاڵ و درێژتر بوو لە هەموو ئەو ساڵانەی دوای دەرکەوتنی یەکەمین حاڵەتی سیحر لە ژیانمدا کاتێک لە ئاوێنەکەی چێشتخانەی مینهۆتاوە تەماشای خۆمم کرد. هیوا و ئاواتم بەمەرگ نەهاتە دی چەندە خەمەکانم زیاتر دەبوون بەدبەختیشم زیاتر دەبوو.

ئەو رۆژانەی ئەفسوونباز بووم پێوەندیکردنێکی ئەوتۆم بەخەڵکەوە نەبوو. شانۆ مەودایەک بوو لە خەڵکی دوور دەخستمەوە. بەڵام ئێستا ناچارم لەگەڵ هاوڕێ

فـەرمـانبـەرەکـانمدا هەڵسـوکـەوت بکەم. دەبێ لە ئـاسـتـی ئەو رەفـتـارانـەیاندا دان بەخۆدا بگرم و بێزاری دەرنەخەم کە ئەوان لە ناخی مندا دروستی دەکەن؟

لە هەمـووی قەباعـەتتـر ئەوەیە کارەکەم کـارێکی هیچـە، بۆیە هـەمـوو رۆژێک دێم و دەچم و بێهودە کات بەفیڕۆ دەدەم.

تەمبەڵی و نەبوونـی کارێک کـە خۆمی پێوە سـەرقاڵ بکـەم، گەڕانمیـانەوە بۆ باری هەسـتکردن بەبێزاری، لەبەرئـەوەی رابردوویەکم نییـە، بۆچی هـەر من شـتێکم نییـە وەیادی خۆمی بهێنمەوە؟

رۆژانی ژیانم بەشەپرێوی بەڕێوە دەچن و لە دەرەنجامی بوونی سێ ساڵ لە بوون تێکەڵن بەهەندێ یادەوەری پووچ و بێ مانا.

لە کچە هاوڕێیـەکی فـەرمانبـەرمـەوە خۆشـەویسـتیم بۆ هاتە ئارا کـە مێزەکـەی لە تەنیشتمەوەیە. خۆشەویستی ماوەیەک لە خـەم و ناسۆر دووری خستمەوە. بەڵام زۆر زوو بەزمـەکـانم سـەریان لێ دامـەوە. هـەوڵی زۆرم دەدا بۆ زاڵبـوون بەسـەر نادڵنیـایی و بێ متمانـەییدا. ئاخـر چۆن بچم بۆ داخـوازیی کـە تا ئەم سـاتە بەهیچ شـێوەیەک ئامـاژەیەکم بۆ نەکـردووە و ئەوەم بۆ دەرنەبڕیوە کـە لـە دڵمـدایە؟ ئەمـە وێڕای ئەوەی تا ئێستا بەئەزموونی خۆشەویستیدا تێ نەپەڕیوم؟

ساڵی ١٩٣١ بەخەمـەوە دەستی پێ کرد، لە نێو فـەرمانبەرەکاندا وا قـاو کرا کـە پلانێکی دەرکردنی فـەرمانبەرانی بەشەکە لە ئارادایە، لە خۆشەویستەکەشم داوای خواستنیم رەت کرایەوە.

لە بەردەم ئەگـەری دەرکردنمدا هـەوڵی رێکخسـتنی ماڵی خـۆمم دا "کارەکـەمم زۆر بەلاوە گرینگ نەبوو، لەوە دەترسـام دەرکردنم لە کارەکەم ببێتە هۆی دوورکەوتنەوەم لەو خـۆشـەویسـتـەی داواکـەمی رەت کـردەوە، چونکە بوونـی لە نزیکمـەوە بوو بووە پێـویسـتـیـیـەک لە ژیانمدا". چووم بۆ لای بەڕێوەبەرەکـەم و بەرژدی تێم گـەیاند کـە ناتوانێت دەرم بکات، چونکە دوای دە ساڵ کارکردن لەو بەشـەدا ئیشەکە لە دەستی مندایە و بەمن نـەبێت کـارەکـان پەکیـان دەکەوێت. مـاوەیەک بەبێ دەنگی تەمـاشـای کردم، دواتر بەنیگایەکی پڕ لە توورەیی تێی گەیاندم کە تاچەندە لەم بێ ئوسوڵییەی من سـەری سـڕمـاوە و هـەرگـیـز لەو باوەڕەدا نەبووە فـەرمـانبـەرێک دوای سـاڵێک

خـزمـەت ئەو هـەمـوو جـورئەتەی هـەبێ و بلـێت دە سـاڵ خـزمـەتم هـەیـە. بۆ ئەوەی راسـتی قسـەکـەمی بۆ بسـەلمێنم، دەسـتم کـرد بەگـیرفـانمدا بەئومـێـدی دەرهێنانی کۆمـەڵێک بـەڵگەنامـە. بەلام ئەبلـەق بووم کـاتێک تەنیـا پارچە کـاغـەزێکی لوولکراوم دەرهێنا کـە کـۆپلە شـیـعـرێکم تێـدا نووسـیـبـوو بەسـەر سـینگ و مـەمکی خۆشەویستەکەمدا.

هەرچەندە متمـانـەی زۆرم هەبوو بەتوانـاکـانم لە ئەفـسـوونکردندا، بـەلام لەوێدا ناچار بووم دان بە دۆڕانمدا بنێم، چونکە بیـرۆکـراتی ئـەو توانـایەمـی پووچـەڵ کردبووەوە.

ئێستـاش ئەوەتام، بەبێ بەهرەی ئەفسـوونبـازی ناتوانم سوک و ریسـواترین ئیش رەت بکەمـەوە. دوور لەو کـچـە خـۆشـەویسـتـەی لەسـەر ئـامێری چاپ ئیشـی دەکرد، دوور لە هاوڕێیـان و ئەمەش بەرەو تەنیـاییم دەبات. زۆر جـار خەڵکی تێبینی دەکەن کـە من شـتـگەلێک دەردەهـێنم کـە ئـەوان نـایبـینن. دەیانبـینـم بەجـۆرێک لەچاوی بەزەییەوە تەماشام دەکەن.

بەشـێتم دەزانن کـاتێک دەڕوانن ئەم شـتـە گـچکانە بەحـەوادا دەدەم. هەسـتێک دایگرتووم بەوەی لەوەدایە شتێک لە نێـوانی پەنجەکانمەوە دەردەچێت. بەدەنگێکی بەرز هەناسـەی سـارد دەدەم و هیـچیش روونادات. بێگـومـان ئەم وەهمـانە تووشـی کـێـشـەم دەکـەن و خـەم و ناسـۆرەکـانم زیاتر دەکـەن کـە نەمـتـوانـی جیـهـانێکی ئەفسووناوی دروست بکەم.

لە هەندێ کاتی تایبەتدا چەندین دەستـەسڕی سوور و شین و سـپی و سەوز دێنە بـەرچاوم کــە لـە گــیــرفــانەکــانم دەریان دەهێنم، وێڕای ئەو پریشکە جــوانـە دەستکردانەی شەوان رۆشن دەکەنەوە.

خـۆمم دێتـەوە بەرچاو کە رووخسـارم بەرەو ئـاسـمـان بەرز دەکـەمـەوە و لە نێوان لێـــوەکـــانمـەوە پەلکەزێرینە بـەرەو ئـاســمـــان بەرز دەبنـەوە و زەوی و ئـاســـمـــان دەڕازێننەوە و دوا جاریش پیرە سـەر سـپیـەکان و منداڵانی بێگـەرد چەپڵـەم بۆ لێ دەدەن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی (المركز الدولي للمترجمين واللغويين العرب)